# نامەیەکی مێژوویی گرنگ، تەمەنی پتر لە (٣٣) ساڵە

**ئا: سەرنووسەر**

*** لە ئازاد عەبدولواحیدەوە بۆ د. مارف خەزنەدار**

* بەم دوا دواییيە کتێبێکی زۆر گرنگم لەلایەن د. بنیاد خەزنەدار بەدەست گەیشت، کە نامەی ئەو نووسەرانەن بۆ د. مارف خەزنەداریان ناردووە و لە ئەرشیڤە تایبەتەکەیدا پارێزرابوون، ئەم نامەیەی منیش کە لەلام گرنگ و مێژووییە، لە ١٩٩٢/١/٣، لە سلێمانییەوە بۆ ڕەوانشاد د. مارف خەزنەدارم ناردووە، دەستوخەتەکەی من و دەقی نامەکە بە تایپکراوی لە کتێبی: (لە ئەرشیفی نامەکانی مارف خەزنەدار)، لەلایەن کوڕەکەی بنیاد خەزنەدار ئامادەکراوە، کە لەناو ئەرشیڤی نامەکانی باوکیدا، هەر نووسەرێک بە نامەیەک بەسەرکراوەتەوە، کتێبەکەش ساڵی ٢٠٢٣ چاپکراوە.

ڕاستییەکەی بە بڵاوبوونەوەی ئەو نامەیە زۆر خۆشحاڵ بووم، چونکە لەو سەردەمەماندا بەڵگە و دوکیۆمێنت دەیخوا، قسەی ڕووت ناچێتە گیرفانەوە. لەوانەیە بەدەیان نامە و دوکیۆمێنتی ئەوهالەی من لەلای خزمان و دۆستان و هاوڕێیانم بن و لە یادم نەمابن، یان فەوتابن، یان بەهەر هۆکارێکەوە بێ بەدەستم نەکەوتوونەتەوە، لێرەوە بە هەلی دەزانم تکا لەو ئازیز و خۆشەویستانە بکەم هەر نامەیەک، دوکیۆمێنتێک، تۆمارێکی دەنگی، وێنەیەکی منیان لەلایە، بە زووترین کات بۆمیان ڕەوانە بکەنەوە، چونکە خەریکی نووسینەوە و ئامادەکردنی یادەوەرییەکانی خۆمم، دەمەوێ لە شوێنی خۆیاندا کەڵکیان لێ وەربگرم.

*** دەقی نامەکە**

**برای دڵسۆز و بە نرخ و خۆشەویستمان د. مارف (١)**

شەو و ڕۆژتان باش

سڵاو و ڕێز و خۆشەویستیم هەیە بۆتان.. بە هیوای (ئەوەی) هەمیشە هەر شاد و بەختیار بیت. لە ڕاستیدا بیرتان ئەکەم، دەمێکە ڕێم نەکەوتووەتە هەولێر(٢) هەر هاتم، زوو سەرتان لێ ئەدەم، شەوێکیش بە یەکەوە بەسەر ئەبەین(٣). سڵاو و ڕێزم هەیە بۆ دایکی (میدیا) و میدیا خان و بنیاد، هیوام سەرکەوتنیانە. زۆر جار هەوڵم داوە بە تەلەفۆن قسەتان لەگەڵدا بکەم، بێسوود بووە، خەت تەواو نییە (٤). ئەو ئافرەتە دراوسێمانە (٥)، بە هەلم زانی ئەو نامەیەی پێدا بنێرم و هەواڵتان بپرسم.

پێشتر لە یەکێک لە تەلەفۆنەکانمدا (٦) باسی

دەرکردنـی گۆڤارێکـم بـۆ کـردن کـە نیـازم وایـە سـەروکاری بکـەم. ئـەو گۆڤـارە زۆر مەبەسـتمە لـەو گۆڤـار و ڕۆژنامانـە نەچێـت کـە ئێسـتاکە بـازاڕی چاپەمەنییـان قەڵەباڵـغ کـردووە و هەمووشـیان لـە یـەک ئەچـن (٧). گۆڤارێکـە بایـەخ بـە لێتوێژینـەوەی ستراتیژی (و) زانستییانە ئەدات دەربارەی کورد (٨). گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی گشتی (ی) سەربەخۆ، بابەتی (سیاسـی و مێژوویـی و جوگرافـی و کەلەپـووری و زانسـتی و هونـەری و ئەدەبی) (ی)قـووڵ دەگرێتـە خۆی. (شیعر و چیرۆک) نەبێ، کە شوێن زۆرە بۆ بڵاوکردنەوەیان (٩)، بۆیە حەز دەکەم بۆ ئەو گۆڤارە بابەتێکی خۆتمان بـۆ بنێری (١٠)- پێـم خۆشـە- یەکێک بێت لـەو (گ)وتارانـەت کە بایـەخ بـە لایەنی نەتەوەیـی بـدات و ئەگـەر (تەحلیـل)ی بارودۆخـی سیاسـی بێـت باشـترە (١١)، بەوپـەڕی سەربەسـتیی خۆتـەوە ڕەخنـە بگـرە (١٢)، ئەگەرنا لێکۆڵینەوەیـەک بێت لەمـەڕ باری ڕۆشنبیریی ئێستامان (١٣)، یا هەر شتێ کە تۆ بزانی بۆ گۆڤارەکەمان بگونجێ (١٤).


تـا ئێسـتا (چەنـد) بەرهەمێکـی پوخـت و چاکـم کۆکردووەتـەوە (١٥)، حـەز ئەکـەم ژمـارەی یەکەمـی ئـەو گۆڤـارە سـەرنجڕاکێش و پۆشـتە و پـەرداخ و تێروتەسـەل بێـت (١٦).

چاوەڕێـی ئـەو نووسـینەت دەکـەم. (هـەر بەهـۆی ئـەو ئافرەتـەوە «سـەمیرە خـان» بۆمـی بنێریـت) پێـم ئـەگات.

بـە نیسـبەت (٥٠) نوسـخەی کتێبەکـەی (شـێخ نـووری) (١٧) کـە دامـان بـە زانسـتگە (١٨)، نازانم چارەنووسـی بـە چـی گەیشـت؟ ئەگـەر پـارەش نەبێـت، نوسـخەکانمان دەسـ(ت) بکەوێتـەوە هـەر چاکـە، چونکـە بـە تـەمـام هەمـووی کـۆ بکەمـەوە لـەلای خـۆم.

نازانـم گۆڤـاری (کاروان) کـە بـە دەسـتەوە بـوو گەیشـتە کـوێ؟ (١٩) ئایـا دەردەچـێ، یـان نـەء؟ ئـەو شـانۆنامەیەی کـە وەرمگێـڕاوە و بـۆم هەنـاردی، نوسـخەی تـرم نییـە، تـکام وایـە ئەگـەر بـڵاو نەکرایـەوە لای خـۆت گلـی بدەیتـەوە تـا خـۆم دێـم بـۆ هەولێـر. هەواڵـی کاک جەمـال نازانـم، ئەوەنـدە نەبـێ لـەم دواییـیـەدا جاربەجـار لـە (ڕەنگیـن)دا (٢٠) ئەیبینـم، ئیتـر بـە هیـوای دیـدار.. لـە هـەواڵ و دەنـگ و باسـت بێبەشـمان مەکـە.. هـەر بژیـن بـە خۆشـی.

**برای دڵسۆزتان**
**ئازاد عەبدولواحید**
**سلێمانی - ١٩٩٢/١/٣**



پەراوێزەکان:

١- ئەو نامەیەم لە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١/٣، لە سلێمانییەوە بۆ ڕەوانشاد د. مارف خەزنەدار ناردووە، واتە دوای تێپەڕبوونی چەند مانگێک کە بەسەر ڕاپەڕینی گەلەکەماندا تێپەڕیبوو، ڕاپەڕین لە ٥/ ٣/ ١٩٩١ لە ڕانیەی دەروازەی ڕاپەڕینەوە دەستی پێکرد، تا ئەمڕۆ کە گۆڤارەکە دەرچووە، (٣٣) ساڵ و (٣) مانگ و (٢) ڕۆژی بەسەردا تێپەڕیوە، وەک لە نامەکەشدا ئاماژەم پێکردووە و نووسیومە (لە یەکێک لە تەلەفۆنەکانمدا باسی دەرکردنی گۆڤارێکم بۆ کردن کە نیازم وایە سەروکاری بکەم)، واتە پێش ئەو نامەیەش کەڵکەڵەی دەرچوواندنی گۆڤارێک هەر لەسەرمدا بووە و لەگەڵ کەسێکی وەک ئەوم باس کردووە.

٢- وەک گوتمان نامەکە کەوتووەتە مانگەکانی سەرەتای ڕاپەڕینەوە، زۆر لەپێش ئەو ڕێکەوتە و لەمێژ بوو سەردانی شاری هەولێرم نەکردبوو، چونکە بازگەکان زۆر توندیان کردبوو، ئەوانەی لە تەمەنی ئێمەومانان بوون، پرسیاری زۆریان لێ دەکرا و بەگیریان دەهێنان و داوای (دفتر خدمة)یان لێ دەکردن، بە هیچ شێوەیەک ناسنامەی فەرمانبەریی و وەزیفە و ئەو جۆرە شتانە نەیدەخوارد، بۆیە نووسیومە (دەمێکە ڕێم نەکەوتووەتە هەولێر)، چونکە هەر لە سەرەتاوە (لە ساڵی ١٩٧٦، دوای دامەزرانم لە ١٩٧٦/٩/١٣)، لە سەربازیی نەچووبوومە پێش و (دەفتەر خدمة)کەشم دەستکاری کرابوو، واتە تەزویر بوو.

٣- ئەو ڕستەیە (هەر هاتم زوو سەرتان لێ ئەدەم، شەوێکیش بەیەکەوە بەسەر ئەبەین)، نیشانەی نزیکیی ڕۆحی و دۆستایەتیی زۆر و هاوڕێیەتیی گەرموگوڕ و بەهێزی نێوانمان دەگەیەنێ، زۆربەی ئەو جارانەی لە سلێمانییەوە دەهاتمەوە هەولێر، یەکسەر دەچوومە لای، سەعدیەخانم (دایکی میدیا) خواردنی تایبەتی بۆ ئامادە دەکردین.

٤- بەهۆی خراپیی پێوەندییەکانی نێوان شارەکانی عێراق بەگشتی و کوردستان بە تایبەتی، لە سەرەتای ڕاپەڕین ماوەیەک قسەکردن لەنێوان شارەکان پچڕا، دوایی ئەگەر هێڵی پێوەندیکردنیش هەبووبێ، ئەوە زۆر خراپ بوو، ئەمەش بەهۆی بۆردومانی ئەمریکییەکانەوە بوو، کە وێران و خاپوور کرابوون.

٥- ئەو ئافرەتە مەسیحییەی کە لە گەڕەکی هەوارەبەرزە دراوسێمان بوو، لە پێش ڕاپەڕینەوە لە زانکۆی سەلاحەدین فەرمانبەر بوو، سکرتێری سەرۆکی زانکۆ (د. خوسرەو غەنی شاڵی) بوو، خۆی ناوی سەمیرە و هاوسەرەکەشی ناوی سەمیر بوو، پار بەڕێکەوت، لە سەرچناری سلێمانی بینیمەوە دووکانی مەیفرۆشیی دانابوو. من ئەو کاتە هەر ڕاسپاردە و نامەیەکی هەمبووایە بۆ هەولێر، بەتایبەتی بۆ ئەو کەسانەی لە زانکۆ بوون، بەدەستی ئەو ئافرەتە بۆیانم دەنارد. پێش ڕاپەڕین وەرگێڕانێکی کورتکراوە و بازرگانیی (دۆن کیشۆت)م خوێندبووەوە، لە دانیشتنێکدا لە ماڵی د. مارف خەزنەدار، کە تاریق جامبازیش لەوێ بوو، باس هاتە سەر چاپە کورتکراوە و ئەسڵەکەی دۆن کیشۆت، ئەو گوتی من چاپە ئەسڵەکەم هەیە و کاتی خۆی (بەپارەی زۆر) ناردم لە سووریاوە بۆیان هێنام، کە داوام لێکرد بمداتێ بیخوێنمەوە، بۆ سبەینێ ئێوارەکەی گورج بۆی هێنامە ماڵی د. مارف خەزنەدار، کە تەماشام کرد د. عەبدولڕەحمان بەدەوی ڕاستەوخۆ لە ئیسپانییەوە کردبوویە عەرەبی (کە وەرگێڕان و کارەکانی زۆر جێی متمانەن)، ئەو وەرگێڕانە نزیکەی ١٦٧٢ لاپەڕە دەبێ، (دۆن کیشۆت)م بردەوە و زۆر بە شەوقەوە خوێندمەوە و چێژی زۆرم لێ وەرگرت،

ئـەم چاپـە پەراوێـزی زۆریشـی بـۆ کـراوە، لەگـەڵ چاپـە بازرگانـی و کورتکراوەکانـی دی هـەر بـەراورد ناکـرێ. دوای خوێندنـەوەی، کتێبەکـەم بردبـووە دائیرە (موزەخانـەی ئیتنۆگرافـی- فۆلکلـۆری) و لـە چـاوی مێزەکـەی خـۆم دانابـوو، بەڵکـوو کەسـێک پەیـدا بـێ و ئەمانەتەکـە بباتـەوە هەولێـر، کـە ڕاپەڕیـن ڕووی دا، ئـەو ڕۆژە تاڵانچییـەکان کـە زۆربەیـان چەکدار بـوون، دەسـتیان لـە موزەکانیش نەپاراسـت، زۆر کەلوپەلیـان لـە بەڕێوەبەرێتیـی شـوێنەوار و موزەکـەی ئێمـەش دزی، ئێمـە لـە دائیـرە پاسـەوانێکی شـەوانەمان هەبـوو نـاوی (ڕەحیـم قەرەچەتانـی) بـوو، بـە هەڵـەداوان خـۆی گەیانـدە ماڵمـان کـە لـە گەڕەکـی هەوارەبـەرزە، لـە خانووەکـەی هونەرمەنـد شـەماڵ سـائیب کرێچـی بوویـن، هـات هەواڵـی تاڵانکردنـی مـوزەی ئیتنۆگرافـی- فۆلکلـۆری دامـێ، نەمزانـی چـۆن بەپەلەپـەل خـۆم پۆشـتە کـردەوە و بەڕاکـەڕاک خۆمـان گەیانـدە مـوزە، کـە گەیشـتین دەبینـم هێـزی ڕاووڕووت (ئاڕئـاڕ) خەریکی هێنانە دەرەوەی مێزەکـەی مـن بـوون، لـە نـاو دەرگای سـەرەکیی دائیـرە پێیـان گەیشـتم و پێـم گوتـن بـرادەران، لەنـاو چـاوی ئـەو مێـزەدا کتێبێـک هەیـە، بـاوەڕ ناکـەم ئێـوە سـوودی لـێ وەربگـرن، ئـەو کتێبـە هـی خەڵکـە و بەئەمانـەت لەلامـە، تکایـە ڕێگـەم بـدەن کتێبەکـەی لـێ دەربهێنـم، ماڵیـان ئاوابـێ ڕێگەیـان پـێ دام و کتێبەکـەم دەرهێنـا، هـەر زوو بەدەسـتی ئـەو ئافرەتـەدا بـۆ د. مـارف خەزنـەدارم نـارد تـا بەهـۆی ئـەوەوە بگاتـەوە دەسـتی تاریـق جامبـاز و لـەلای مـن نەفەوتـێ.

٦- لەنامەکـەدا بـۆم نووسـیوە (پێشـتر لـە یەکێـک لـە تەلەفۆنەکانمـدا باسـی دەرکردنـی گۆڤارێکـم بـۆ کـردن) کـە نیـازی دەرچوواندنیـم هەیـە و مـن سـەروکاری دەکـەم، واتـە پێـش ئـەو مێـژووەی لەنامەکـەدا ئاماژەی بـۆ کراوە کـە دەکاتە ١٩٩٢/١/٣، ئـەوەش مانـای وایـە گەرماوگـەرم، هەر لە سـەرەتای سـاڵی ١٩٩١ـەوە باسـی دەکردنی ئەو گۆڤـارەم بـۆ کـردووە، ئەمـەش نیشـانە و بەڵگـەی ئەوەیـە کـە پێـش دەرچوونـی گۆڤـاری ڕامـان، خولیـای دەرکردنـی گۆڤارێـک لەسـەرمدا هەبـووە، واتـە بیرۆکـەی دەرکـردن و سـەروکاری گۆڤارێـک لـەلای مـن، مێژوویـەک و پێشـینەیەکی هەبـووە.

٧- بـۆ د. مـارف خەزنـەدارم نووسـیوە (ئـەو گۆڤـارە زۆر مەبەسـتمە لـەو گۆڤـار و ڕۆژنامانـە نەچێت کە ئێستاکە بازاڕی چاپەمەنییـان قەڵەباڵغ کـردووە و هەمووشـیان لەیـەک ئەچـن))، پێـش (٣٣) سـاڵ زیاتـر، خەونـم بـەوەوە دیـوە گۆڤارێـک دەربکـەم (لـەو گۆڤـار و ڕۆژنامانـە نەچێـت کـە (ئێسـتاکە بـازاڕی چاپەمەنییـان قەڵەباڵـغ کـردووە). ئاشـکرایە بەهـۆی ڕاپەڕینـەوە فەزایەکـی ئـازاد بـۆ نووسـەران فەراهـەم بـوو، زۆر کـەس کەوتنـە خۆیـان بـۆ دەرکردنـی بڵاڤۆکێـک، هەرچەنـدە بەشـی هـەرە زۆریـان لـە ڕووی کوالیتـی و تەکنیکی چاپـەوە لـە ئاسـتێکی نزمـدا بـوون و بـە ڕۆنیـۆ و تابیعـە دەردەکـران. ئـەو کاتـە چەنـد کەسـێک سـەریان بەیەکـەوە دەنـا و دەکەوتنـە دەکردنـی بڵاڤۆکێک و ناویـان دەنـا (گۆڤـار!). سەرنجڕاکێشـتر ئەوەیـە ئەوسـا گوتوومـە (ئـەو گۆڤـار و ڕۆژنامانـە بـازاڕی چاپەمەنییـان قەڵەباڵـغ کـردووە)، ئەگـەر لـەو سـەرەتایەوە حاڵـی ڕۆژنامەگـەری و گۆڤـار و ڕۆژنامـەکان وا بوو بـێ، دەبێ ساڵەکانی پاشـتر چۆن بـێ و بەدەسـت دەکردنـی گۆڤـار و ڕۆژنامـەی زۆر و بـۆرەوە بزاڤـی ڕۆژنامەڤانـی چـی بەسـەرهاتبێ؟ دیـارە ئـەم پاشـاگەردانی و بارودۆخـە تـا ئێسـتاش بەردەوامـە و وەک خـۆی مـاوە، بگـرە خراپتریـش بـووە، دەرکردنـی گۆڤـار و ڕۆژنامـە زیاتـر وەک ژمـارە زیـادی کـردووە، کەڵەکردنـی زۆر و بـۆر بـووە،

لەجیاتی ئەوەی کاری کەم و جۆرەکی (نەوعی) بێت، کە گوتووشمە (هەمووشیان لەیەک ئەچن) دەڵێی ئەم قسەیەم بۆ ئەوڕۆ کردووە.

٨- دواتر نەهج- ڕێبازی گۆڤارەکەشم دیاری کردووە کە (گۆڤارێکە بایەخ بە لێتۆژینەوەی ستراتیژی و زانستیانە ئەدات دەربارەی کورد)، هەروەها (گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی گشتیی سەربەخۆ دەبێ، کە لێکۆڵینەوەی قووڵی (ستراتیژی) و (زانستیانە) لەبارەی کورد بڵاو دەکاتەوە، ئەو لێکۆڵینەوانەش بابەتی (سیاسی و مێژوویی و جوگرافی و کەلەپووری و زانستی و هونەری و ئەدەبی)ی قووڵ دەگرێتە خۆی.

٩- نووسیومە: ((«شیعر و چیرۆک» نەبێ، کە شوێن زۆرە بۆ بڵاوکردنەوەیان)، چونکە ئەوسا و ئێستاش لێشاوی شیعر و چیرۆکی بێتام و لاواز، بەشی زۆری پانتایی ڕۆشنبیریی کوردی داگیرکردووە و ڕووبەری زۆری لاپەڕەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی گرتووە، دواتر لە گۆڤاری (ڕامان)یشدا هەر وام کرد، هەوڵم دا کەمترین ژمارەی شیعر و چیرۆک لە گۆڤارەکەدا هەبن، کە لە هەر ژمارەیەکدا (٤) دانە شیعر و (٤) دانە چیرۆک بڵاو دەکەینەوە، ئەو ژمارەیەش بۆ هەموو شاعیران و چیرۆکنووسانی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان و ئەورووپا، ژمارەیەکی زۆر نییە.

١٠- بۆم نووسیوە: (حەز دەکەم بۆ ئەو گۆڤارە بابەتێکی خۆتمان بۆ بنێری)، بەڵام جەختم لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە نووسینەکەی د. مارف خەزنەدار (یەکێک بێت لەو گوتارانەی کە «بایەخ بەلایەنی نەتەوەیی بدات»)، ئەوسا و ئێستاش گرتنەبەری ڕێباز و ڕێچکە و لایەنی نەتەوەیی بەلامەوە زۆر گرنگ بووە، پاشان هەر بەو نەفەسە نەتەوەییە لە گۆڤاری (ڕامان)دا ئیشمان کرد و کارەکان پیادە کران.

١١- بۆیم نووسیوە (ئەگەر «تەحلیل»ی بارودۆخی سیاسی بێت باشترە)، زانیومە ئەو داوایە لە کێ دەکەم، من ڕووی دەمم کردووەتە کەسێکی خاوەن ئەزموون و دنیادیتە و قاڵبووی ژیان و پەرۆش بۆ مەسەلەی کورد و دڵسۆز بۆ نەتەوەکەی، دڵنیا بووم لەوەی کەسێکی هەڵەشە و ناشی و ناکارە نییە لە خۆیەوە قسە فڕێ بدات، ئەو کەسێکە بەوپەڕی بەرپرسیارەتییەوە دەنووسێ و خزمەتی ئەو واقیع و بارودۆخە سیاسییە دەکات کە ڕاپەڕین هێناویەتییە پێشەوە و ڕەخساندوویەتی.

١٢- پێشم گوتووە (بەوپەڕی سەربەستیی خۆتەوە ڕەخنە بگرە)، چونکە خوێندنەوەی ئەو بارودۆخە بەو عەقڵە ڕەخنەییە کراوەیەوە، تەنیا ڕێگەیە کە خزمەتی ئێستا و ئایندەی کورد، کوردستان و خەون و ئامانجەکانی نەتەوەکەمان دەکات، نەک موجامەلەکردن و ڕووپامایی و شان تەکاندن و کاشی ماستاو دابەشکردن.

١٣- دواتر بۆیم نووسیوە (ئەگەرنا «واتە ئەگەر نووسینی ئەو بابەتە سیاسییەت پێ باش نەبوو»)، با (لێکۆڵینەوەکەت لەمەڕ باری ڕۆشنبیریی ئێستامان) بێ، تا بتوانین لە داهاتوودا بە هەموو لایەک بە پرۆژەیەکی ڕۆشنبیریی نەتەوەییەوە کاری گرنگ و پێویست بۆ زمان و کولتوور و ئەدەبیاتی میللەتەکەمان بکەین.

١٤- یان نووسیومە: (یا هەر شتێ کە تۆ بزانی بۆ گۆڤارەکەمان بگونجێ)، ئەوەش هەر سووربوون و پێداگرتنە لەسەر نەهجی گۆڤارەکە، کە ئەوەی دەینووسێ لەگەڵ ڕێبازی (گۆڤارەکەمان بگونجێ).

١٥- لەو کاتەدا کە ئەو نامەیەم بۆ د. مارف خەزنەدار نووسیوە و بۆم ناردووە، من لە سلێمانی ئیشم بۆ پەیداکردنی بابەتەکانی گۆڤارەکە کردبوو، بۆیە نووسیومە (تا ئێستا «چەند» بەرهەمێکی

پوخـت و چاکـم کۆکردووەتـەوە)، بیرمـە ئەوانـەی پێوەندیـم پێـوە کردبـوون: عەبدولڕەقیـب یووسـف، جـەلال خەڵـەف ژاژڵەیـی، حەسـەن هەمـزە، بەختیـار عەلـی، بـەرزان فـەرەج، گـۆران باباعەلـی، عـادل محەمـەد کەریـم و...، تـاد.. بوون، چەند بابەتێکیشـم لەلایـەن هەندێک لـەو ناوانـەوە بەدەست گەیشـتبوو.

١٦- نووسـیومە بـۆی: (حـەز ئەکـەم ژمـارەی یەکەمـی ئـەو گۆڤـارە سـەرنجڕاکێش و پۆشـتە و پـەرداخ و تێروتەسـەل بێـت)، ئـەوەش بەڵگـەی ئەوەیە کـە ویسـتوومە گۆڤارەکـە لـە یەکـەم ژمارەیـەوە، گۆڤارێکـی (سـەرنجڕاکێش) و (پۆشـتەوپەرداخ) و (تێروتەسـەل) و سـەنگین بـێ، گۆڤارێکـی هاکەزایـی نەبـێ، بە مردوویـی لەدایک بـێ و بچێتـە کتێبخانـەی کوردییـەوە، یـان لەگـەڵ دەرچوونـی، زوو لەبیـر خوێنـەران بچێتـەوە و هیـچ کەلێنێـک پـڕ نەکاتـەوە.

١٧- باسـی (٥٠) دانـە لـە کتێبەکـەی (دیوانـی شـێخ نووریـی شـێخ سـاڵح)م لەگـەڵ کـردووە کـە پێش ڕاپەڕین د. مارف خەزنـەدار داوای لـێ کردبـووم و بـە (بەشـی کوردیـی زانکـۆی سـەلاحەددین)ی فرۆشـتبوو، بـەڵام کە پارەکەیـان دواخسـت و ڕاپەڕینی بەسـەرداهات، ئیـدی دوای ڕاپەڕینیـش پـارە نەبـوو، بۆیـە داوای (٥٠)ی دانـەی کتێبەکـەم کردەوە، چونکە وەک نووسـیومە بەتەمابـووم هەمـووی لـەلای خـۆم (کۆبکەنـەوە)، بەداخـەوە لـە پـاش خەرجییەکـی زۆر لـە چاپکردنـی کتێبەکـە، کـە بەشـی یەکەمـی دیوانەکە بـوو، بەشـایەدی جەمـال خەزنـەدار دەبـوو نزیکـەی (٥٨٠٠) پێنـج هـەزار و هەشـت سـەد دینـار بدەمـە چاپخانـەی (دار الجاحظ) کـە لـە گەڕەکـی (راغیبـە خاتـوون)ی بەغـدا بـوو، پارەکـەی کـە بەقـەرز و قـۆڵ لـەم و لـەوم وەرگرتبـوو، بـووە ئـاردی نـاو دڕکان و بەشـی هـەرە زۆری ژمارەکانـی کتێبەکـەم کـە بەسـەر کتێبفرۆشـییەکانی شـار و شـارۆچکەکانی کوردسـتاندا دابەشـم کردبـوون، پەرشـوبڵاو بووبوونـەوە، ئیتـر نـە کتێبـەکان و نـە پارەکـەی نەهاتنـەوە دەسـتم.

١٨- لـە نامەکـەدا لەجیاتـی زانکـۆ، زانسـتگەم بەکارهێنـاوە، چونکـە مـن ئـەوەم پـێ ڕاسـتترە، هەرچەنـدە ئێسـتا زانکۆ بووەتە بـاو و بڵاوبووەتەوە.

١٩- کـە پرسـیاری دەرچوونـی ژمـارەی نوێـی گۆڤـاری (کاروان)م لـە د. مـارف خەزنـەدار کـردووە، لەبـەر ئەوەیـە لەلایـەک خـۆی ئەندامـی دەسـتەی نووسـەرانی گۆڤارەکـە بـوو، خۆشـی داوای بابەتـی لـێ کـردم بیدەمـێ تـا لـە گۆڤارەکـەدا بـڵاوی بکاتـەوە، لە لایەکیـش پێیـان گوتبـووم شـانۆنامە وەرگێڕاوەکـەت لـە ژمـارەی داهاتـوودا بـڵاو دەبێتـەوە، بـەڵام بەهـۆی ڕاپەڕینـەوە هەواڵـی دەرچوونـی ژمـارەی نوێـی لـە چاپخانەکـەی بەغـدا نەمـا، منیـش کـە شـانۆنامەی (چیرۆکـی باخچـەی ئـاژەڵان)ی ئیـدوارد ئەلبـی-م وەرگێڕابـوو و لـە ڕێگـەی خەزنـەدارەوە دابوومـە گۆڤـاری کاروان، بۆیـە نوسـخەکەی خـۆم لـێ داوا کردەوە، چونکـە هـەر ئـەو دانەیـەم هەبـوو، پاشـان دوکتـۆر وەرگێڕانەکـەی لێیـان وەرگرتبـووەوە و لـەلای خـۆی پاراسـتی و دواتـر دایـەوە مـن. ئـەم شـانۆنامەیە دانـا ڕەئـووف دەری هێنـا و تیپی شـانۆی ئەزموونگـەری لـە سـلێمانی پێشکەشـی کـرد، دواتـر لەگـەڵ (٥) شـانۆنامەی دیکـەدا لـە کتێبـی (زمانـی جیـا)دا بڵاوکرایـەوە.

٢٠- ڕەنگیـن، گۆڤارێکـی هەمەڕەنـگ بـوو، لـە بەغـدا دەزگای ڕۆشـنبیریی و بڵاوکردنـەوەی کـوردی دەری دەکـرد، ئـەو کاتـە ماڵـی جەمـال خەزنـەدار لـەوێ بـوو، لەپاش ڕاپەڕیـن زۆربـەی نووسـەرەکانی بەغـدا کـە لێیـان قەدەغـە کـرا نووسـینەکانیان لـە ڕۆژنامـە و گۆڤارەکانـی کوردسـتان بڵاوبکەنـەوە (مەگـەر بەنـاوی خوازراو)، هەندێ لە نووسـەرەکانی کوردسـتانیش بابەتـی خۆیـان لـەو گۆڤـارەدا بـڵاو دەکـردەوە.